**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی** | **مجلس محافظة السليمانية**

*Slemani Provincial Council*


ژمارە: ٣٠      No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١      Data:

---

# بڕیاری ژمارە (٣٠) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦) بڕگەکانی ٨ و ٩) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بەمەبەستی پاراستنی ژینگەو کایەیی تەندروستیی گشتیی لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، بڕیاریدا بە:

١. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستمی پێداویستییە نێودەوڵەتییەکانی ژینگە بەپێی پێوانەی ستاندارد ISO: 14001: 2004، بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی پلاندانان و تەندروستیی و دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگەو پارێزگای سلێمانیدا.

٢. ئەم بڕیارە هەموو دامودەزگا حکومییەکان و کەرتەکانی (هاوبەش و تایبەت) دەگرێتەوە.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**